# نسبیـیـەتی کـولتـووریی

ن. پیتەر مورداک
و. موسڵح ئیروانی

لەم سـاڵانەی دواییـدا سـەبارەت بەچەمکی (نسـبـیـیـەتی کـولتـووری relativity cultural) لە خـۆمـدا هـەست بەجـۆرە نارازیبـوونێک دەکـەم. وادێتـە بەرچاو ئـەم چەمکە لە روویێکەوە لەبارو بەمـانـایە و لە روویێکـی ترەوە بەڕواڵەت زانسـتـی بەڵام بێـمـانایە. لەم نووسـینـەدا هـەوڵدەدەم بەشـێـوەیەکی تاقـیکاری(ئەزمـوونگەری) جـیـاوازی دوو لایەنی لێکجـیـای بەکارهێنانی ئەم چەمکە روون بکەمەوە.

پێـشـینـەی نسـبـیـیـەتی کـولتـووری؛ سـەرەڕای شـێـوازی بەکـارهـێنانـی، بۆ سـەدەیەک پێش ئێـسـتـا دەگـەڕێتـەوە. لە رابردوودا، خـەڵک روانگە کولتوورییـەکانی خۆیان وەک پێوەرێک بۆ حوکـمدان لەبارەی مـرۆڤ و کولتـوورەکانی تر بەکـاردەبرد، ئەگـەرچی لە بنەڕەتدا خـەڵکانی تریان بە مـرۆڤ دادەنا، بەڵام

لانی کەم بەو رادەیەی کە دابونەریت و بەها کولتوورییەکانی خەڵکانی تر لە کولتووری خۆیان جیابوو، وەک بەربەر– Barbarian؛ و بە سووکایەتی سەیریاندەکردن.

ئەم جۆرە خۆبینییە ئێتنیکییە یان (ئێتنۆسێنتەریزم Ethnocentrism)، خەسڵەتێکی مرۆڤناسانی بەرێ بوو، کە لێکۆڵینەوەی مەیدانی و پراکتیکییان ئەنجام دەدا. ئەمانە خاسیەتە سەیر و نامۆکانی کولتوورەکانی تریان، کە بەبەراورد لەگەڵ خەڵکی شارستانی؛ی ئەورووپای مەسیحی، بە بەربەرو سەرەتایی دەهاتنە بەرچاو، بەسەیروسەمەرە دادەناو لەئەنجامدا کارەکەیان زێتر ئامادەکردنی جۆرە پەیژەیەکی پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان بوو نەک تێگەیشتنی راست و دروست یان بەزەیی هاتنەوەو دڵسۆزی بۆ شێوەی ژیانی خەڵک لە کولتوورەکانی تردا.

سێر ئەدوارد. بی.تایلۆر، کۆتایی بەسەردەمی گەڕان بەدوای شتە نائاسایی و بڕوا پێنەکراوەکان؛ لە ناو هەموو کولتوورەکاندا هێنا. تایلۆر هەموو ئەو هەواڵانەی کە دەربارەی مرۆڤی کلکدار، کۆمەڵگا بێزمانەکان، بێهاوسەرگری (زواج) یان بێئایینەکان هەبوون رەتکردەوە و، تەنیا ئیعتیباری بەوانە بەخشی کە لە رووی لۆژیکییەوە بڕواپێکراوبوون. لێکۆڵینەوەکانی دواتر راستیی حوکمەکانی ئەویان سەلماند. تا لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کۆمەڵناسان و مرۆڤناسان درکیان بەوە کردبوو کە گشت کولتوورەکان شیاوی لێتێگەیشتنن، ئەگەرچی، ئەم شیاوێتییە وەک لیڤی بروهل (Bruhl Levy) دەڵێ: لەوانەیە خاوەن لۆژیکێک بێت کەبەلای ئێمەوە نامۆ بێ؛.

ویلیام گراهام سامنێر (Sumner Graham William) یەکەم کەس بوو کە لە کتێبی شێوازە میلییەکان (Folkway، ١٩٠٦)دا بێپەردە باسی چەمکی نسبییەتی کولتووریی کرد. ئەو نەک هەر حوکمدان لەبارەی هەموو کولتوورەکان بەپێی ئێتنۆسێنتەریزم یان پێوەرە کولتوورییەکانی خۆ ڕەتکردنەوە، بەڵکو بوونی هەر چەشنە پێوەرێکی ئەخلاقی ،رەها یان هی دیکە بۆ هەڵسەنگاندنی دیاردە

کولتوورییەکانی وەلانا. سامنێر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەر کولتوورێک یاخود چەند بەشێکی یان توخمێکی هەر کولتوورێک تەنیا بە پێوەرە جوگرافیایی، مێژوویی و کۆمەلایەتییەکانی خودی کولتوورەکە دەشێ هەڵبسەنگێنرێت. هەروەها هاوسەردەمییانەی خۆی حەپەساند کاتێک رایگەیاند کە تەنانەت چەند کارێکی وەک کوشتنی منداڵ، کۆیلەیی، خواردنی گۆشتی مرۆڤ، قوربانیکردنی مرۆڤ و گوناهی گەورە یان زینای ئایینی، ئەگەرچی لای ئێمە جێی بێزاری و شەرمەزارین، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخە کولتوورییەی لەو کۆمەڵگایەدا هەیە، پەسندکردنیان بە جۆرێک بەیەکەوەهەڵکردن و گونجانێک لەگەڵ بارودۆخی تایبەتدا دادەنرێت. لە راستیدا، پێویستە ئەوانە بە واتا زانستی و بابەتییەکەی وەرگرین و هەروەها پێویستە لەروانگەی تاکەکەسانی هەمان کولتوورەوە ئەم جۆرە کارانە بەکاری ئەخلاقی دابنێین. هەموو شتێک لە چوارچێوەی دابونەریتی ئەخلاقیدا دروستە. پێناسەی سامنێر، تائێستاش بە بەهێزترین پێناسەی بابەتیانە لەبارەی نسبییەتی کولتووری؛ لە زانستە کۆمەلایەتییەکاندا دادەنرێت. لەبەرئەوەی وەک کۆمەڵناسان دەڵێن، سامنێر خۆی بە کۆمەڵناس دادەنێت، بۆچوونەکانی لە نێو مرۆڤناساندا کەمتر ناسراوە. لەو رووەوە کەمێک سەرسوڕهێنەرە کە هێرسکۆڤیتز (Herskovits) لە کتێبی مرۆڤ و کارەکانی (Works His and Man، ١٩٤٨)دا رادەگەیەنێت کە کەشفکردنی نسبییەتی کولتووری؛ گەورەترین دەستکەوتی مرۆڤناسییە. لێرەدا چاوێک بە مێژووی ئەم چەمکە لە مرۆڤناسیدا (Anthopology) دەخشێنین.

بەناوبانگترین بۆچوون کە لە کلاورۆژنەی مرۆڤناسییەوە خراوەتەڕوو، لەوانەیە ئەو بۆچوونە بێت کە رۆت بێندێکت (Benedict Ruth) لە کتێبی شێوازەکانی کولتوور (Culture of Patterns)دا دەربڕیوە. بێندێکت بڕوای وایە کە نەک پێویستە کولتوورەکان لەناو ئەو بارودۆخەی کە کۆمەڵگاکەیان تیایدا دەژێت و ناچارە خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێت، لەبەرچاوبگرین- هەڵوێستێک کە زانا کۆمەلایەتییەکان کەمتر لێی بەگومانن-، بەڵکو پێویستە هەر کولتوورێک لە گشتێتیی خۆیدا (وەک گشتێکی

بەیەکەوە بەستراو) لەبەرچاوبگرین. بەڕای ئەو، هەر کولتوورێک پێکهاتەی (configuration) تایبەتی خۆی هەیەو تەنیا بە لێکۆڵینەوە لە گشتێتییەکەی دەتوانین لێی تێبگەین. بێندێکت وای لێکدەدایەوە کە جیاکردنەوەی هەندێ توخمی کولتووری بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ کولتوورەکانی تر کارێکی نادروست و نارەوایە. هەر توخمێک لەناو پێکهاتەی خۆیدا مانادارەو بەجیاکراوەیی، واتە لەدەرەوەی ئەو پێکهاتەیەدا بێمانایە. من ئەو قسەیەی ئەو بە بێمانا دەزانم، چونکە ئەگەر چی هەندێ کارو ئەرک تەنیا لەناو پێکهاتەی کولتووریی خۆیاندا کەشف دەکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین یاساو کێشە زانستییەکانی مرۆڤناسیش وەکو گشت زانستەکانی دی لەرێی جیاکردنەوەو بەراورکردنی هەندێ توخمی بەرچاوی ئەو دیاردانەی کە روودەدەن، وەدەست بێنین.

شێوەیەکی دیکەی سەرهەڵدانی چەمکی نسبییەتی کولتووری؛ لە نووسینەکانی مرۆڤناسیدا، رادەربڕینە شەخسییەکانن، بۆنموونە هێرسکۆڤیتز دەڵێ: پێویستە هەموو کولتوورەکان رێز و ئیعتیبارێکی یەکسانیان هەبێت؛. بەڕای من ئەم وتەیە نەک تەنیا بێمانایە، بەڵکو بۆچوونێکی بێ ناوەرۆک وسۆزدارییە. رێزگرتن و نرخدانان بۆ رێکخراوەکان، دامودەزگا لاوەکییەکان، شڵەژاوی و هارمۆنیای سیستمە کولتوورییەکان شتێکە و جەختکردن لەسەر ئەوەی کە گشت کولتوورەکان بەیەکسانی و وەکویەک گونجاو و شیاوی رێزلێنانن شتێکی دیکەیە.

وەک دیارە ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ کولتوورەکان، وەک هەموو جۆرەکانی نسبییەتی کولتووری؛ لەبەرانبەر بارودۆخی باودا چۆک دادەدات، وەک رەخنەگران دەڵێن: گوزارشت لە هەڵوێستێک دەکات کە پێچەوانەی گۆڕانکاریی کولتوورییە. پێموایە ئەم هەڵوێستە نیشاندەری ئەو جۆرە هەستەیە کە ئێمەی مرۆڤناس تووشی دەبین. ئێمە لە خۆماندا هەست بەجۆرە ئیلتیزامێک دەکەین بۆ تۆمارکردن و وەسفکردنی تایبەتمەندێتی کولتوورە خۆماڵییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕان و لەناوچوونی ئەم کولتوورانە بەچاوی خۆمان دەبینین. هەروەها دەزانین کە

تۆمارکردنی بارودۆخی ئەوانە، پێش ئەوەی تا ئاستێکی دیارنەکراو بگۆڕێن، ئاسان نییە. لەو رووەوە، هۆشیارانە یان ناهۆشیارانە حەزدەکەین ئەم رەوتی گۆڕانە خاو و سست بکەینەوە. بۆ نموونە زۆربەی مرۆڤناسانی ئەمریکی لاگیری ئەو سیاسەتەن لەبارەی سووورپێستەکانەوە، کە ریگەیان بۆ خۆش بکات بە پێی توانا هەوڵبدەن دابونەریتە کولتوورییە خۆماڵییەکانی خۆیان بپارێزن و ئەم روانگەیە تەنانەت لەنێو کاربەدەستانی حکومەتیشدا تا رادەیەک پشتیوانی لێدەکرێ. بەدەستەواژەیەکی تر، ئامانج ئەوەیە کە ئۆردوگای (Reservation) سوورپێستەکان بگۆڕێن بۆ باخچەی ئاژەڵانی مرۆیی. لەوانەیە تیۆرەکانی نسبییەتی کولتووری؛ تا رادەیەک دەربڕی ئەو دەمارگیرییە پڕ هەست و سۆزدارییە بن، دەمارگیرییەک کە دژایەتی و بەرهەڵستی لە گۆڕانکاریی لە ناو کولتووردا- نەک کولتووری خۆمان بەڵکو کولتووره سادەو سەیرو نامۆکان- دەکات.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هەموو تیۆرەکانی نسبییەتی کولتووری؛- لە سامنێری شێلگیرەوە تا هێرسکۆڤیتزی هەستیارو سۆزدار- لەسەر ئەو گریمانە نادیارە دامەزراون: (ئەوەی کە هەیە، بەهۆی هەبوونییەوە، باشە).

ئەگەر ئەم گوتەیە حوکمدانێکی ئەخلاقی بێت، لەو حاڵەتەدا لە رووی زانستییەوە بێمانایە، بەڵام ئەگەر توخمی ئەخلاقیی لێدەرهاوێژین، بەم شێوەیەی لێدێت: (ئەوەی کە هەیە، هەیە) ، یان بەدەستەواژەیەکی دی، دەبێتە تاوتۆلۆجییەکی (Tautology)(*) بێمانا. بەکورتی لە روانگەی زانستییەوە، ئێمە لە گریمانەکانی ئیتنۆسێنتەریزمی کۆن بەولاوەتر نەڕۆیشتووین کە پشت دەبەستێ بە دانانی کولتووری خۆمان وەک پێوەری هەڵسەنگاندنی هەموو کولتوورەکان یان پەنابردنە بەر ئایین و ئەخلاقیات و خستنەرووی جۆرە پێوەرێکی فەلسەفەیی جیهانی.

بەڵام ئایا پێویستە چەمکی نسبییەتی کولتووری؛ بە بیانووی ئەوەی کە بێسوود و نادروستە، بەلاوەنێین؟ من وادەزانم پێش ئەوەی هەوڵێکی تر بۆ داڕشتنی تیۆرێکی شیاو و بایەخدار بدەین نابێ ئەویان بەشێوەیەکی گشتی پشتگوێ بخەین. لەوانەیە

کەموکووڕیی تیۆرەکانی رابردوو ئەوە بووبێ کە بەهۆی خۆبەدەستەوەدانی ناڕاستەوخۆیان بۆ بارودۆخی باو و سەرنەکەوتنیان لە روونکردنەوەی گۆڕانکارییە کولتوورییەکان، کاریگەرییان نەبووبێ. بەهەر حاڵ گۆڕانکاری دیاردەیەکی گەردوونییە. هیچ کولتوورێک تەنانەت لە تێبینیکردنێکی کورتیشدا بە (نەگۆڕی- Static) نەماوەتەوە. شیکردنەوەی گۆڕانکاریی کولتووری، بەشێکی گەورەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانی مرۆڤناسان پێک دێنێت، و ئێمە زانیاریی زۆرمان لەبارەی چۆنیەتی رەوتی گۆڕانکاریی کولتووری و هۆکاری کاریگەر لە خێراکردنی گۆڕان یان دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم گۆڕان یاخود گۆڕینی ئاراستەی گۆڕاندا، لەبەردەستدایە. لەوانەیە بتوانین نسبییەتی کولتووری؛ لەگەڵ ئەو کۆمەڵە زانیارییانەدا بگونجێنین و لەگەڵ ئەواندا لێکیان بدەینەوەو راڤەیان بکەین.

تیۆری نسبییەتی کولتووری؛ لەسەر ئەم گریمانە دامەزراوە کە هەر کولتوورێک خاوەنی رستێک شێوازی فیکری و رەفتاریی خۆیەتی کە لە کۆمەڵگادا بوونەتە باو و ئەم شێوازانە بەپێی سیستمی پلەوپایەی باو لە کۆمەڵگادا دابەش بوونەو دوای گۆڕانێکی رێژەیی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوێزراونەتەوە. وا دیارە ئەم شێوازانە لە رێی ئەم پرۆسە کولتوورییانەی خوارەوە بەرهەم دێن:

١- (نوێکاری- Innovation) (داهێنان): هێنانەکایەی شێوازە پەرچەکرداره نوێیەکان لەلایەن هەندێ لە ئەندامانی کۆمەڵگاوە.

٢- (خواستنەوە- Borrowing) (بڵاوکردنەوە- Diffusion): وەرگرتنی شێوازی نوێ لە رێی لاساییکردنەوە لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایانەی کە شێوازی ناوبراویان تێدا هەیە.

٣- (بڵاوکردنەوە لەناوخۆدا): بڵاوکردنەوی شێوازی نوێ لە کەسانی نوێکار یان خوازراوەوە بۆ ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگا، واتە پەسندکردنی کۆمەڵایەتی.

٤- تەواوکاری (التکامل-Integration): وەدەستهێنانی شێواز (أنماگ)ی نوێ و ئاوێتەکردنی لەگەڵ ناوەڕۆکی کولتوورێکدا و ئەنجامدانی گۆڕانکاریی پێویست

لە توخمە کۆنەکاندا بۆ گونجاندنی لەگەڵ توخمە نوێیەکاندا.

٥- (وەلانانی ئیختیاری) (eliminiation Selective): لە دەستدانی شێوازە کولتوورییە باوەکانی رابردوو بەهۆی جێگۆڕکێیان بە شێوازی نوێ، یاخود دەستەوسانیان لە هێنانەکایەی رەزامەندی پێویست.

٦- (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی- Socialization) (پەروەردەو فێرکردن): گواستنەوەی شێوازە کولتوورییەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو لە کۆمەڵگادا لە رێی پرۆسەیەکەوە کە تیایاندا وێنەلەبەرگرتنەوە (Copying) بەدەگمەن بە وردی ئەنجام دەدرێت.

ئەم پرۆسانە تەواو لەگەڵ ئەو پرۆسانەی فێربوونی تاکەکەسیدا دەگونجێن و تێکدەکەنەوە کە لەلایەن دەروونناسانەوە دەخرێنەڕوو، ئەوانە تەفسیری فێربوون دەکەن لە ناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا- واتە فێربوونی کۆمەڵی یان فێربوونی کۆمەڵایەتی کە لەلایەن هیلەر و دۆلارد (١) لە کتێبی فێربوونی کۆمەڵایەتی و لاساییکردنەوە (٢)دا خراوەتەڕوو. هۆکارەکانی گۆڕانکاریی کولتووری کە لەسەرەوەدا باسیان لێوەکرا، پێویستیان بە بنەماگەلێکی نوێی جیا لەوەی کە دەروونناسان بانگەشەی بۆ دەکەن، نییە، بەڵکو لەلایەن بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە- وەک هاوکاری، دابەشکردنی ئەرکەکان، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و شتی لەو بابەتە- ئاراستە دەکرێن.

دەروونناسیی نوێ گریمانەی کۆن بەگشتی رەتدەکاتەوە، ئەو گریمانەیەی کە پێیوایە کولتوورەکان لە سستی و دەقبەستوویی دان و حەزیان لە بەرگری لە خۆکردنە لە بەرانبەر گۆڕاندا، مەگەر بە شێوەیەکی مەبەستدار دەستیان تێوەربدرێت، یان دژایەتی بکرێن. تیۆری بەرماوەی دابەکان (customs of Cake)ی باگۆت (Baghot)و بۆچوونەکانی بواس (Boas)و لایەنگرانی لە مرۆڤناسیی ئەمریکیدا نیشاندەری ئەم گریمانە کۆنەن. دەروونناسی پشتیوانی لە بۆچوونەکانی مالینۆفسکی دەکات کە لەکتێبی (تاوان و دابونەریت لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا)(٣) خراوەتەڕوو. مالینۆفسکی لەو کتێبەیدا دەریدەخات کە توخمە کولتوورییەکان بەهۆی سەرکەوتنیان لە یارمەتیدانی پێداویستییەکانی مرۆڤ و بەریەککەوتن و

کـــارلێککردنـەکـــان، بەهێــزدەبن. ئەم خـــاڵە پرەنســــیـپی بەناوبانگی پاداشت لە دەروونناسیی تاکەکەسیدا، لەئاستی کۆمەڵایەتیدا دەردەخات.

کولتووری هەر کـۆمـەڵگایەک لەهەر برگـەیـەکی مـێژوویـیدا کۆمـەڵێک توخم کـە لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە هاتوون، دەگرێتەخۆ- وەک کەلەپووری رابردوو، نوێکاری، خواستنەوە نوێیەکان و هارمۆنیا تەواوکارییەکان- کە گشتیان تاقیکراونەتەوە یان لە قۆناغی تاقیکردنەوەدان. بێگومان سامنێر راستی دەکرد لە داننان بەوەی کە ئەو کۆمەڵەیە باشترین کۆمەڵەیە، واتە گونجاوترین و رازیکەرانەترینە کە لە بارودۆخی باودا وەدەستهاتووە. هەڵبەتە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە باشترین کۆمەڵە توخمە لە هەمان بارودۆخدا، بەڵکو نیشاندەری چاکترین هەڵبژاردنە لە نێو ئەو بەشانەی کە لە کۆمەڵگای ناوبراودا لەبەردەستدان، نەک چاکترین هەڵبژاردن لەنێو ئەو بەشانەی کە دەبینرێن یان ئەو توخمـــانەی هێـــشـــتــا نەدۆزراونەتەوە و خـــەڵکانی ســـەر بە کـولتوورەکـانی دی لێی بێئـاگـان. لەناوبردنی پیـران، خـواردنی گـۆشـتی مـرۆڤ، کۆیلەیی، چارەســەریی جادوویی (العلاج السحری)، هونەرە دەســتـیـیە سـادەکـانی ســەر بەرد و دار، لەوانەیە نیـشـانەی پێکەوە گـونجـان و ســازگـاریی باشی ئەو کـۆمـەڵگایانە بێت کە کـەلەپووری کـولتووری خـۆیان و هاوسـێکانیـان دەستـەیەکی دیاریکراوی هـەڵبژاردن نیـشـان دەدات. بەڵام دەربڕینی ئـەوەی کە ئەم جۆرە کـارانە پێویستە بە ئەندازەی، بیمەی کۆمەڵایەتی (الضمان الإجتماعی)ی قۆناغی پیری، ئاژەڵداری وەک ســەرچاوەیەکی گـۆشت، کـرێکاری ئازاد و بەخـۆویست، پزیشکی زانستی و دروستکراوە کانزاییەکان، جێی رێزو ئیعتیبار بن، قسەیەکی بێهودەیە.

لێکۆڵینەوە ئیـتنۆگـرافیـیـەکان دەریان خـسـتووە کـە کـاتێک خـەڵک رووبەڕووی دەستەیەکی فراوانی تواناکان دەبنەوە، تەوری پۆڵاییینیان لە تەوری بەردین پێ باشتر دەبێت، هەروەها دەرمانە نوێیەکانیش لە چارەسـەری جادوویی، گۆڕینەوە بەپارە لە بڕی گۆڕینەوەی شتومەک، سواریی گیانلەبەرانیش لە سواریی سەر کۆڵی مرۆڤ، زیادکـردن و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی خـواردەمـەنی بۆ پێگەیاندنی منداڵەکـان و

پارێزگاریکردن لە پیران لە بڕی لەناوبردنیان و هتدÖ، بەچاکتری دەزانن. کاتێک ئەوانە بەبچووکترین بەرگری، واز لە خواردنی گۆشتی مرۆڤ و کۆکردنەوەی کەللەسەری دوژمنانیان دێن، ئەم جۆرە دیاردانە ئەوە دەردەخەن کە هەبوونی جۆرەها گونجانکاریی کولتووری بە پێداویستیی وەکویەکەوە نیشانەی ئەوە نییە کە توانای کەڵک لێوەرگرتنیشیان یەکسانە، بەڵکو هەندێکیان لە هەندێکی تر، بەلایەنی کەمەوە لەڕووی کردەیی و هەڵبژاردنی بەردەوامەوە، لەسەرووترن، کە لەکاتی هەبوونی مافی هەڵبژاردندا هەردەم هەڵدەبژێردرێن.

لەکاتی هەبوونی دەرفەت، کاتێک خەڵک بەگشتی رووبەڕووی جۆرەها نوێکاریی کولتووری دەبنەوە، نەک هەر وەریان دەگرن، بەڵکو زۆربەیان کارایانە بەدوای گۆڕانکارییەکدا دەگەڕێن کە بەڵێنی چاکتربوونی شێوەی ژیانیان پێدەدات. شۆڕشی زۆربوونی ئەگەرەکان لەسەرتاسەری جیهاندا بەرچاو دەکەوێت. زۆربەی ئەوەی کە هەڵدەبژێردرێت لەگەڵ تێڕوانینی خۆرئاوایی بۆ نوێ؛ و پێشکەوتوو؛ تێکدەکرێتەوە. ئەگەر بمانەوێت هەمان تێڕوانین تەعمیم بکەین دووچاری هەمان هەڵە و بەڵگەهێنانەوەی سۆفیستەئامێزانەی ئیتنۆسێنتەریزمی کۆن دەبینەوە. ئەگەر درێغی لەو دەرفەتە بکەین کە کولتوورەکەمان دەتوانێت بیڕەخسێنێت و چاو لە مافی خۆمان بپۆشین کە راسپاردەی گۆڕانکاریی کولتوورییە، ئەو کات دەکەوینە دوای هەست و سۆزەکانەوە. ئەوەی پێویستمان پێی هەیە، زانیینی رێکوپێکی زانستییە لەبارەی جۆری هەڵبژاردن کە خەڵک ئەنجامە دەدەن (ئەگەر دەرفەتیان پێبدرێت)، هەروەها ئەو پێودانگانەی کە بەهۆیانەوە ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە دەکرێن و شێوەی بەکارخستن و جێبەجێکردنی کارایانەیان ئەنجامدەدرێن. بێگومان ئەم کارە هێنانەدیی ئامرازێکی هەڵسەنگاندنی زانستی لێدەکەوێتەوە کە بە کردەوە تاقیکراوەتەوە و هەروەها ئەندازەگیریی رادەی پێکەوەگونجانی چۆنییەتی شێوازە جۆراوجۆرەکانی ژیان و بەش و توخمە جۆربەجۆرەکانیان شیاو و گونجاو دەکات. حکومەت و موژدەبەرە ئایینییەکان و پەروەردەکاران و هی دیکەش کە بایەخ بە پلانە

جۆراوجۆرەکانی گۆڕانکاریی کولتووریی بەرنامەدار دەدەن، بە دڵنیاییەوە، زێتر کەڵک لەم جۆرە پێوەرانە وەردەگرن نەک پێوەرە رەهاکان کە سەرچاوەیان لە فەلسەفە و ئایین یان دەمارگیریی نەتەوەییەوە وەرگرتووە. پێناچێ پاساوێکی نەگۆڕ هەبێت بۆ ئەوەی نەتوانرێت گشتاندنێکی بڕواپێکراو ئەنجامبدرێ لە بواری پەیوەندیی نێوان کەلتوورەکان و گۆڕانکاریی کەلتووری و هەروەها لەبواری پێکهاتەیی هاوکات لەناو سیستەمە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکاندا.

بێگومان ناتوانین راستەوخۆ پێوەری پێشنیارکراو بخەینەکار: پێویستە ماندووبوونی زۆر بچێژین لە رێی لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا لەبواری ئەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەندییان بە گۆڕانکارییە کەلتوورییەکانەوە هەیە. پێویستە ئەم پێوەرەی هەڵسەنگاندن کەشف بکرێت، نەک بسەپێنرێت. لەوانەیە باشترین پێشبینی لەبارەی گرنگییەکەیەوە، ئەوە بێت کە ئەم پێوەرە بەسەر زانستدا ناسەپێنرێت، بەڵکو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت.

## پەراوێزەکان

(*) واتە دووبارە وتنەوەی هەمان شت بێ ئەوەی مانایەک بدا بەدەستەوە.

١- Dollard and Miller

٢- Imitation and Learning Social.

٣- Societ primitine in customs and Crime

ئەم وتارە لەم سەرچاوەی خوارەوە وەرگیراوە:

پیتر مرداک، نسبیت فرهنگی، ت: بیوک محمدی، نشریەڵ فرهنگ، کتاب (١٢)، پائیز ١٣٧١ (١٩٩٢)، مؤسسە العات و تحقیقات فرهنگی (پژوهشگاه).